# له نێو تاریکستانی شەودا ئەو باڵ دەگرێت




*تەنها نیگایەکم بەس بوو لەم شەوەدا*
*تا بۆ هەمیشە وێنەی لە نێو دڵمدا هەڵبگرم،*
*تەنها و تەنها ئامێزێکم بەس بوو ،*
*بۆ تێڕامووسانی ئەبەدیی،*
*تەنها تەرایی لێوەکانتم بەس بوو...*
*بۆ توانەوە لە نێو هەناسە گەرمەکانتا.*

*ئەو هەموو شەوێک زۆر لە سەرخۆ دەهات و*
*زۆر بە پرتاویش جێ ی دەهێشتم،*
*هەموو شەوێک بە شوێن جێ پێیەکانی ئەو دەکەوتم و*
*لە ناکاو ئەوانیشم لێ وون دەبوون.*

*خـــودایە،*

*من هەمیشە بەدوای ئەو دەکەوتم و*
*هەنگاوێکم دەکرد بە دوو،*
*کەچی هێشتا پێ ی نەدەگەیشتم!*
*هەموو شەوێک تا مانگ،*
*تا ئەستێوەکان،*
*لەگەڵ خێیاا ڕاپێچیان دەکرد، و*
*بەرەو دوواوە بێ ئومێد دەیانگەڕاندمەوە.*

*هەموو شەوێک کوچەکانی شار،*
*باخی فریشتەکان،*
*تا بەردەرگای بەهەشت،*
*دوای خۆی دەخستم و بێ ڕەحمانە*
*لە نێو بیابانە زەردەکانی باشوور*
*بە تانهایی جێ ی دەهێشتم.*

*هەموو شەوێک لەگەڵ تریفەی مانگە شەودا*
*خۆی و فریشتە سپییەکانی،*
*زۆر لەسەر خۆ دەهاتن،*
*بە پەنجەکانی،*
*زۆر بە ئارامی دەیکێشا بە پەنجەرە ژەنگاویەکەی،*

ژورەکەمدا،
فریا نەدەکەوتم ڕۆبەکەم لەبەر بکەم و
گلۆپە پەمەییەکەی لای سەرم،
ڕۆشن بکەم،
وەک فریشتەیەک باڵی دەگرت و
منیش بە دوای سێبەری ئەو دەکەوتم.

لەو ساتانەی کە من لە نێو دنیای
پێکەنیندا نوقوم دەبووم،
جارێکی دی خۆی نیشان دەدام و
دیسان...
دوای جێ پێیەکانی خۆی دەخستم!

مرواریە "ئاقیقە"کەی ملم،
دەنکە دەنکە لێدەکەوتنە خوارەوە
فریا نەدەکەوتم جارێکی تر بیان هۆنمەوە،
دیسان خۆی لێدەشاردمەوە و
بە چاوی پڕ ئەسرین و دڵشکاوی
دەگەڕامەوە،

وەک ئەو منداڵانەی لە دایکیان ورکیان دەگرت،
منیش لەم دنیایە ورکم دەگرت و داوای
دیتنی ئەوم لە خوداوەند دەکرد.

بە بیرم نایەت چەند جار بەبەردەم
کۆڵانی کچە قاوە گرەوەکاندا تێپەڕیوم،
تەنها ئەوەندەم بیرە، زۆر جار لە نێو
فینجانەکەنی ئەواندا بانگی کردووم.

بە بیرم نایەت چەند جار بە پێی پەتی و
"نەعلە" سوواوەکانی پێم و" کراسە" دڕاوەکەم
گەڕاومەتەوە، تەنها ئەوەندەم بیرە،
زۆر بە ئاسانی دوای سێبەری خۆی دەخستم...

نـــا

***بڕوا ناکەم بە بیرم بێت!***

***بەبیرم نایەت چەند جار "بـــا" چۆتە ژێر کراسەکەمەوە و***
***گەمەی بە ڕوحم کردووە،***
***تەنها ئەوەندەم بیرە کە دەنگی پێیەکانی ئەو لە نێو***
***ڕوحمدا دەنگی دەدایەوە.***

***بە بیرم نایەت ئەو کوڕانەی کە شەوانە،***
***لەسەر شەقامەکان دەخەوتن چەندجار***
***هاواریان کردووە و بانگیان کردوم بۆ نێو پێخەفەکانیان!***
***تەنها ئەوەندەم بیرە،***
***هەموو بەیانیەک بێ ناز دەگەڕامەوە.***

***بە بیرم نایەت ژنە بە ساڵاچووەکانی دراوسێمان...***
***کە بۆ نوێژی بەیەنیان هەڵدەستان، دەیان بینیم ڕەنگ پەڕیوم،***
***چەند جار سەریان بەملاو بەولای خۆیاندا با داوە،***
***تەنها ئەوەندەم بیرە، کە دەیان گووت،***
***چەند بێشەرم و بێ ئابرووە،***
***دیسانەوە،***
***دوای سێبەری پیاوە خەیاڵیەکانی کەوتووە،***
***" آستخفرالله" گیانی پڕ لە تاوانە،***
***بێـــــــــــئابـــــــرووە!***

***من سێبەرە غەمگینەکانی ئەوم لە نزیک پەنجەرەکەم دەبینی،***
***کە لە نێو تاریکستانی شەودا چەند زەلیلانە خۆی بەدەستەوە دەداو***
***دووای هەنگاوەکانی مەرگ دەکەوت.***

***پێش ئەوەی جێم بهێڵێت تەنها بۆ ئێستێک،***
***دەمویست لە ئامێزی خۆیم بگری تا***
***لە نێو یادگارییەکانی خۆیدا بۆ هەمیشە وەک***
***ملوانکەیەکی مرواری بمهۆنێتەوە.***

***شەوێکە...***
***نا دوو شەوە...***
***نا چەندەها شەوە،***
***ڕۆیشتوە و بەڵێنی گەڕانەوەشی ، پێنەداوم!***

کەچی من شەوانە،
دەستەکانم، لە قاچەکانم دەئاڵێنم و،
وەک بێشکەیەکی شکاو خۆم ڕادەژەنم.

هەر ئەو شەوەی بە مرواری ملوانکەکەی من،
لە پەنجەرەی ژوورەکەی دەدام، تا لە خەونە ترسناکەکان
بە ئاگام بهێنێت.

بەڵێنم لەگەڵ پێیەکانم بەست هەنگاو نەنێن،
لێوەکانم ناوی هیچ فریشتەیەک نەبەن و
پەنجەکانم نەبنە "مۆم" و تاریکستانی هیچ پیاوێک ڕووناک نەکەنەوە...

ئـــــــا ...

بەڵێنم بەست لەگەڵ ژوورە ساردەکەمدا
کە لەم شەو بە دواوە گڵۆپە پەمەییەکەی لای سەرم هەمیشە ڕۆشن ڕابگرم
لە ڕوناکییەکی ئەبەدیدا چاوەڕوانی هاتنەوەی ئەو بکەم،
هەموو پیاوەکانی سەر رووی ئەم زەمینە،
وەک " مەسیح" لە خاچ بدەم.

بەڵێنم لەگەڵ کراسە نەنکەکەشم بەست تا گەڕانەوەی ئەو
هەر بە قەد کراوی،
لە نێو دۆلابەکەم هەڵی بگرم...

بەڵێنیش لەگەڵ پێنوسەکەم دەبەستم،
کە یادگارییەکانی ئەو نەبێت،
هیچ ووشەیەکی تری پێنەنووسم.

ئیمان بابان
فینلەندا
2006